# کردەی بەڵێنپێدان لە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا (هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨ وەک نموونە)

م.ی. تەلان محەمەد عومەر[1] م. ی. کەلسوم خالید ئەحمەد[2] پ.ی.د. ئازاد ئەحمەد مەحمود[3]

[1] بەشی ئامار و زانیاری، کۆلێژی تەکنیکی شەقڵاوە، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، کردستان، العراق

[2] بەشی شیکاری نەخۆشیەکان، کۆلێژی تەکنیکی تەندروستی هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، کردستان، العراق

[3] بەشی تەکنیکی کارگێری کار، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، کردستان، العراق

**ملخص البحث**

يشير هذا البحث الموسومة ب: عملية التعهد في مشروع الحملة الانتخابية (انتخابات 2018 أنموذجا) إلى نظرية العملية اللفظية (الكلامية). إن هذا البحث له خصوصية التعهدات الشفهية لرؤساء القوائم في انتخابات برلمان كوردستان، وبهذا تختلف هذه التعهدات مع الحديث الإعتيادي (الكلام). وهذا البحث يعالج الأفعال الكلامية لأوستين وسيرل ضمن النظرية البراكماتيكية، إذ تتبوأ المعالجة عمق العملية الكلامية، متضمنا ملخص حديث رؤساء القوائم الانتخابية. هذا، وترتبط هذه النظرية بعدد الخطوات التي يشجعها المتحدث على أداء الخطاب بأثر مباشر و فعال، كما وتحدد هذه النظرية الحدود بين المتحدث والمستمع، إلى جانب أن نظرية الكلام نفسها تقسم إلى خمسة أنواع. يتضمن البحث مقدمة وفصلين، ويختمه بنتائج البحث. فالفصل الاول أوماً إلى التفسير بين اللغة و السياسة، وعلاقة اللغة بالسياسة، إلى جانب الوقوف على نظرية العملية اللفظية وتاريخ ظهورها وأنواعها، والتي أقرها أوستين على خمسة أنواع: الإعلام، والوصف، والتعبير عن المشاعر، والأمر، والعمليات اللفظية ذات الصلة. في حين، صنفها سيرل على النحو الآتي: التمثيل، والأمر، والرابط، والتعبير، والإعلام. أما الفصل الثاني، فهو فصل تطبيقي، يعالج عملية التعهدات المتعلقة بهذا الخطاب، التي يمكن تنفيذها؛ بغية الحفاظ على العلاقة الاجتماعية بين أفراد المجتمع بأهمية بالغة في فضاء الخطاب التواصلي.

**مفاتيح الكلمات:** اللغة السياسية والعمل الكلام، واعدة في فعل الكلام، قائمة زعيم رسالة

## 1. پێشەکی

### 1.1 ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرنجێک لەسەر تیۆری کردەی قسەیی دەخاتەڕوو، لەژێر ناونیشانی "کردەی بەڵێنپێدان لە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا (هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨ وەک نموونە)". ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لێکۆڵینەوەکە تەرخان کراوە بە پوختەی بەڵێنەکانی سەرۆکی لیستەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. بە مەبەستی ڕوونکردنەوە لەسەر کردەی بەڵێندان و مەرجی کردەی بەڵێندان وجیاکردنەوەی لە کردە قسەییەکانی تردا.

### 1.2 سنوور و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە ئاستی پراگماتیکدایە، بە پێی تیۆری (شیکاری ئەرکی)، کە دەکەوێتە ناو تیۆری کردە قسەییەکان ئەنجامدراوە.

### 1.3 هۆی هەڵبژاردن و کێشەی لێکۆڵینەوەکە:

وردبونەوە لە زمان بە شێوەیەکی زانستی وەک هەموو بوارەکانی تر، بۆتە ویستێک، بابەتی کردە قسەییەکان (کردەی بەڵێندان)، لەناو پرۆسەیەکی ئاوادا چەندین پرسیاری لای توێژەرانی زمان دروست کردوە، یان دەتوانین بڵێین بە ئاگایی و بێ ئاگایی بەکارهێنانی زمان لەناو ئەو پرۆسەیە لەلایەن قسەکەر و گوێگران پرسیار دروست دەکات. پێویستە وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارانە و شارەزابوون لە مەرجەکانی (کردەی بەڵێندان)، وەک کردەیەکی قسەیی جێگەی بایەخدانە. ئەوەندە دەهێنێ کە توێژەر خۆی پێوە خەریک بکات و وردتر لەوەی هەیە گوێگر هۆشیار بکەنەوە لە کردەی بەڵێندان.

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 2، العدد 1 (2021)
أُستلم البحث في 10 يناير 2021؛ قُبل في 18 آذار 2021
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 28 يونيو 2021
البريد الإلكتروني للمؤلف: talanmohammed@epu.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2021 تەلان، کەلسوم،ئازاد. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

### 1.4 کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

کەرەستەی وەرگیراو بۆ لێکۆڵینەوەکە، بریتییە لە: پوختەی کۆتا دەقی سەرۆک لیستەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ساڵی ٢٠١٨، پاڵپشت بەوەی، کە لە ناو کردە قسەییەکاندا زۆرترین کردەی بەڵێندانی تێدا گۆکراوە.تەوەری یەکەم

### 1.5 گرینگی لێکۆڵینەوەکە:

ناساندنی کردە قسەییەکان و لەناویاندا کردەی بەڵێندان، بەپێی مەرجەکان شارەزا کردنی قسەکەر بۆ چۆنێتی دروستکردنی کردەیەکی بەڵێندان. هەروەها شارەزاکردنی گوێگران لە ناسینەوەی کردەیەکی بەڵێندان و جیاکردنەوەی لە کردە قسەییەکانی تردا. ئەمە پێویستییەکی ئەم سەردەمەیە، چونکە لەو ڕوانگەیەوە دەبێ قسەکەر ئاگاداری چۆنێتی دەربڕینی کردە قسەییەکانی بێت و گوێگریش هۆشیارتر بێت لەناو زمان و بۆئەوەی لە بەرانبەریدا زمان بەخراپ بەکار نەیەت و تەنیا بۆ مەبەست و بەرژەوەندی قسەکەر نەبێت.

### 1.6 ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:

ناوەرۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: بەشێکی تیۆرییە و تیایدا باس لە زمان و سیاسەت، پێوەندی زمان بە سیاسەتەوە دەخرێتەڕوو، لەگەڵ گرینگی زمانی سیاسی، پاشان باس لە تیۆری کردەی قسەیی و مێژووی سەرهەڵدانی و جۆرەکانی دەکرێت، کە ئەم تیۆرە لەلایەن زمانەوانان (ئۆستن) سەری هەڵداوە و (سیریل) پەرەی زیاتری پێداوە، کە هەریەکەیان بۆ تیۆری کردەی قسەیی جۆرێک لە پۆلێنکردنیان هەیە ، ئۆستن لەو بڕوایەدا بوو کە هەر قسەیەک فرمانی خۆی هەیە، پێنج جۆری کردەی قسەیی دیاریکردووە کە بەم شێوە پۆلێنیکردوون: ڕاگەیاندن، وەسفکردن، دەربڕینی هەست، داخوازی، کردەی قسەی پابەندی. بەهەمان شێوەش سیریل پێنج جۆر لە کردەی قسەیی دەست نیشان کردووە، کە بریتین لە: نواندن، فەرماندان، پەیوەستبوون، هەست دەربڕین، ڕاگەیاندن. کە هاوبەشییەکی زۆر هەیە لەنێوان هەردوو جۆری پۆلێنکردنەکە.

بەشی دووەم: بەشێکی کردارییە، لەم بەشەدا باس لە کردەی بەڵێندان دەکەین، کە پێوەندی هەیە بەو قسەیەی، کە دەتواندرێت جێبەجێ بکرێت، کردەی بەڵێندان بۆ مانەوەی پێوەندی کۆمەڵایەتی تاکەکان لەنێوان هەر کۆمەڵگایەکدا کارێکی گرینگە.

لە کۆتاییدا، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان، لەگەڵ پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی پێشکەش کراون.

## 2. بەشی یەکەم

زمانی سیاسی و کردەی قسەیی

### 2.1 زمان و سیاسەت

**2.1.1 پێوەندی نێوان زمان و سیاسەت:** لە کۆنەوە تا ئێستا لەنێوان زمان و سیاسەتدا پێوەندییەکی بەهێز هەیە، کە لە کتێبەکانی ئەرستۆوە هەست بەو پێوەندییەی نێوانیان دەکرێت، "لەساڵی ١٩٥٦ بواری پێوەندی سیاسی وەکو لقێکی سەربەخۆ لە زانستی سیاسیدا سەری هەڵداوە، کە لە کتێبی ڕەفتاری سیاسی، ئاماژەی پێکراوە" (احمد بن راشد بن سعيد، ٢٠٠٣، ٢١١). لەبەرئەوەی پێوەندییەکی بەتین لەنێوان زمان و سیاسەتدا هەیە، دەتوانین بڵێین، کە هەموو کردەیەکی سیاسی لەڕێگەی زمانەوە بەڕێوەدەچێت، چونکە قسەکەر بەگەلێک ڕێگە زمان بەکاردەهێنێت، بۆیە ئەستەمە بیر لەوە بکەینەوە لە هەر کارێکی سیاسیدا زمان بەکار نەهێنرێت. لێرەدا قسەکەر زمان وەک ئامرازێک بەکاردەهێنێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی هەیەتی لە ڕازیکردنی بەرامبەردا. "پێویستە ئەوە دیاری بکەین کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئێمە هەموومان باوەڕمان بە هێزی زمانی هەیە، هەروەها لەو باوەڕەداین، کە زمان بە ڕێژەیەکی ڕەها لە بواری گەیاندن و سیاسی و ڕازیکردندا، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە" (عبدالسلام المسدی، ٢٠٠٧، ١٩).

بەم شێوەیە کەسی سیاسی بۆ ڕازیکردنی گوێگر هەوڵدەدات بە ئاگاییەوە هەموو کار و چالاکییەکانی خۆی بخاتەڕوو، لەبەرئەوە لێکۆڵەرانی بواری پێوەندی سیاسی لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوەکانی خۆیان دەست پێدەکەن، واتە لێکۆڵینەوەکانی ئەوان تایبەت بوو بەوەی کە زمان چۆن کار لە جەماوەر دەکات (شێرزاد سەبری، ٢٠١٢، ٩). واتە قسەکەر بە مەبەست وشە و دەستەواژەیەکی وا هەڵدەبژێرێت و بەکاریدەهێنێت تا بە باشترین شێوە و خێراترین کات کار لە ڕازیکردنی بەرامبەر بکات بۆ ئەنجامدانی کارەکەی، بەهۆی ڕووداوە سیاسییەکانەوە کەسانی سیاسی کۆمەڵێک وشە و زاراوە بەکاردەهێنن بەتایبەت لەکاتی جەنگ و هەڵبژاردنەکاندا بۆ ڕازیکردنی هاوڵاتیان بۆئەوەی بە سۆزەوە بچن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە، کە بەشێوەیەک دوای تەواو بوونی پرۆسەکەش تا ماوەیەک لەگوێی خەڵک دەزرینگێتەوە. وەک ئەو قسە و باسانەی کە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بۆ پەرلەمانی کوردستان، سەرۆک لیستەکانی قەوارە سیاسییەکان بۆ بەڵێندان بە هاونشتیمانیان کۆمەڵێک دەستەواژە بەکاردێنن تا بەباشترین شێوە پەیامەکەیان بگەیەنن بە خەڵک، کە لەڕێگەی کردەی قسەیی بەڵێندانەوە کارەکەیان بەڕێوەدەبەن.

1. ئێمە کارمان جێبەجێکردنی ئەو بەرنامە و کارنامەیەیە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاندووە، ئێمە لەژێر دروشمی بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز و جێبەجێکردنی کارنامەی پارتی دەچینە پەرلەمان. (پارتی دیموکراتی کوردستان)
2. پلانی ئێمە بۆ چوار ساڵی داهاتو ئارامکردنی دۆخی کوردستانە، زیادکردنی هەلی کار و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانە. (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)
3. پلانمان هەیە بۆ نەهێشتنی پاشەکەوتی موچە، جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی عیراقی، سەرفکردنی موچەی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی. (فراکسیۆنی گۆڕان)
4. بەڵێنتان پێدەدەین لەماوەی شەش مانگدا موچەی فەرمانبەران وەکو خۆی لێدێتەوە. (نەوەی نوێ)
5. دەنگدەرانی خۆشەویست لەڕابردووی خەباتی پەرلەمانیدا لە هەرجێیەک ناڕەزایەتی هەبوبێ پشتیوانی بوین و لەگەڵی بووین، لە هەر جێیەک زوڵم و ستەم هەبووبێ لەوێ لە بەرەی حەق داکۆکاری مافەکانی ئێوە بووین. (کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان)

لەم نموونانەی کە لە سەرەوەدا خستمانەڕوو هەریەکە لە پێنج پارتە سیاسییەکەی کوردستان بۆ سەرخستنی لیستەکەی خۆی و بۆ ڕازیکردنی جەماوەر کۆمەڵێک وشە و دەستەواژەی جیای بەکارهێناوە. پارتی دیموکراتی کوردستان، بانگەشەی ئەوە دەکات کە کوردستانێکی یەکگرتوو بەهێز بنیاتدەنێ بۆ کۆمەلانی خەلکی کوردستان، لەپاڵ ئەمەشدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان بانگەشەی کوردستانێکی ئارام دەکات لەگەڵ زیادکردنی خزمەتگوزاری، بەڵام هەریەکە لە دوو پارتەکەی تر (فراکسیۆنی گۆڕان و نەوەی نوێ) بە جۆرێکیتر لە بانگەشە هەوڵی ڕازیکردنی هاولاتیان دەدەن ئەویش بە چاککردنی موچەی فەرمانبەرانە، کە لە ئێستادا موچەخۆران بە دۆخێکی خراپ تێدەپەڕن، هەریەک لەم دوو پارتەش بۆ سەرخستنی لیستەکانیان بەم شێوە هاولاتیان هاندەدەن بۆ چوونیان بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان، هەرچی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانیشە جیا لە پارتەکانی تر بە باسکردن لە ڕابردووی پارتەکەی هانی خەڵک دەدات بۆ دەنگدان.

هەر بۆیە دەتوانین بڵێین سیاسەت "یەکێکە لە لایەنەکانی ژیان کە بۆ بەجێهێنانی مەبەستەکانی بەڕادەیەکی زۆر پشت بە زمان دەبەستێت" (شلێر ڕشید، ٢٠١٥، ٦٥).

**2.1.2 گرینگی زمانی سیاسی:** هەر بابەتێک شیاوی لێکۆڵینەوە بێت بێگومان گرینگی و تایبەتێتی خۆی هەیە بۆیە زمانی سیاسیش بەدەر نیە لەم گرینگییە.

1. گرینگی زمانی سیاسی لە گرینگی ئەو کەسانە پەیدا دەبێت کە قسەی پێدەکەن، کە شوێنی ئەوان لە سیستەمی سیاسی کۆمەلایەتیدا ئەو مافەیان پێدەدات لە قۆناغی گفتوگۆدا لەسەر بابەتێکی گرینگ بەرەو قۆناغی جێبەجێکردن و بڕیاردان بچن.
2. زمان بەشداری لە دروستکردنی شەرعیەتی سیستەمی سیاسیدا دەکات، واتە زمانی سیاسی شەرعیەت دەداتە یاسا و دەستور و سیستەمان.
3. زمانی سیاسی، زمانی هێزە، هەروەها زمانی بڕیاردانە، کە داڕشتن و ڕاستکردنەوەی بڕیارەکان لەڕێگەی زمانەوەیە، هەر لەڕێگەی ئەوە کە بانگەشەی شەڕ و ئازادی و هەڵبژاردنەکان دەکرێت (شێرزاد سبری، ٢٠١٢، ١٠).

**2.1.3 کردەی قسەیی:** تیۆری کردە قسەییەکان بەیەکێک لە باسە گرینگەکانی لێکۆڵینەوەی قسەیی لەبواری زانستی زمانەوانیدا هەژمار دەکرێت، کردە قسەییەکان بەشێکن لە قسەی بەکارهێنراو، کە وەکو بەشێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتین، ئەمەش پێچەوانەی ئەو پێکهاتە و نموونە زەینیانەن کە دوورن لە دەوروبەر، کە لەلایەن زاناکانی زمان و فەلسەفە بەکاردێت. کردەی قسەیی چالاکییەکی هەمەلایەن و ئالۆزە، هەرچەندە لە دوورەوە بە کردەیەکی ئاسان سەیر دەکرێت، چونکە "بەرهەمهێنانی هەر پەیامێکی قسەیی پێویستی بە پیاچوونی ئەو پەیامە لە واتای زەینی دیاریکراو هەیە، بەرەو ڕستە و دەربڕینی ڕیزکراو" (ئەڤین سامی عارف، ٢٠١١، ل٣٩). کاتێکیش باسی کردە قسەییەکان دەکرێ، لەم بوارەدا سەرەتا پەنجە بۆ کارەکانی ئۆستن درێژ دەکرێ. کە خاوەنی تیۆری کردە قسەییەکانە (پەروەر عبدالرحمن، ٢٠١٣، ل٦٧)، ئەم تیۆرە قسەکردن بە ئەنجامدانی کارێك دادەنێت. ئۆستن ئەو وانانەی کە لە زانکۆی (هارڤرد) لە ساڵی ١٩٥٥دا پێشکەشی کردیە لە کتێبێکدا کۆی کردۆتەوە (شێرزاد سەبری، ٢٠١٤، ل١٩٩)، دواتریش ساڵی ١٩٦٢ پاش مردنی ئەم تیۆرە لە پەرتوکێکی بچووك و بەناوبانگدا لەژێر ناوی (چۆن شت بە وشە جێبەجێدەکەین_ How to do things with words) بڵاوکرایەوە. تیایدا ئاماژەی بەوە کرد کە چەندین دەربڕین نە هەواڵە و نە وەسفی شت دەکات، بەمەش نە ڕاستە و نە هەڵەیە (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٢، ل٣٤)، کردە قسەییەکان تەنیا لە ڕستەدا بەدی ناکرێت، بەڵکو دەگونجێت تاکە وشەیەك ڕاپەڕاندنی کردەیەك بێت بەپێی بار و مەبەستی قسەکەر لە دەربڕیندا ئەو دەنگانەی کە بۆ ئاگادارکردنەوە ئەو وشە و زاراوانەی لە یاریکردندا بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە لە یاری شەترەنجدا چەند زاراوەیەك دەگوترێت، کە لەگەڵ دەربڕینیان چەند کردەیەك جێبەجێدەکرێت. وەك (کشمات)، بە دەربڕینی ئەم زاراوەیە لە بارودۆخی یاریکردنەکەدا گوێگر لە مەبەستی قسەکەر تێدەگات کە هەنگاوی بەرە و دۆڕان ناوە (ناز ئەکرەم، ٢٠١٣، ل٢٨). هەربۆیەشە ئۆستن لە کتێبەکەیدا وەکو ڕەخنەگرێکی بەهێزی سەردەمی خۆی دوو بیروباوەڕی بە تەسك هەژمارکرد، کە لەوکاتەدا دوو بنەمای سەرەکی بوون بۆ لێکدانەوەی زمان و واتا. ئۆستن پێی وابوو کە مەرج نییە هەموو گوتنێك تەنها وەسفکردنی بارێکی تایبەت بێت و مەبەست لێیەوە تەنیا هەواڵێك بێت، بەڵکو قسەکەر لە دەربڕینی هەندێك گوتندا کارێك ئەنجام دەدات. بە بیری ئۆستن زمان ئامێری کردە جیاوازەکانە و ئەرکی سەرەکی ڕاپەڕاندنی کارە. وەك: ڕاسپاردن، هەواڵ، هەڕەشەکردن، زانیاری گەیاندن، بەڵێندان،... و چەندین ئەرك و مەبەستی تر، کە بە کردە قسەییەکان ناویان دەبات (حاتەم ولیا، ژیان عەبدوڵڵا، ٢٠١٥، ل٥٠)، ئۆستن لە سەرەتادا دەیویست جۆرە ڕستەیەك دەست نیشان بکات کە قسەکەر تەنیا شتێك نالێت، بەڵکو لەهەمان کاتدا کارێکیش ئەنجام دەدات. بۆ نموونە لەکاتی ناونانی منداڵێکدا کە دەڵێین:

- ئەوا ئەو منداڵەم ناونا سازە.

ئەو دەربڕینە لە خۆیدا ئەنجامدانی کارەکەیە کە بریتییە لە ناونانی منداڵەکە.

قسەکردن و کارئەنجامدان بەیەك دیاردە لە قەڵەم دەدرێن و لە یەکتر دانابڕێن (قیس کاکل، ١٩٩٥، ل٣٨).

خەڵکی بۆ دەربڕینی مەبەستەکانیان تەنیا گوتەکان، کە هەڵگری وشە و ڕۆنانە ڕێزمانییەکانن بەرهەم ناهێنن، بەڵکو لەڕێگەی ئەو گوتانەوە کردەکانیش ڕادەپەڕێنن. ئەگەر سەیری ئەم نمونەیە بکەین:

- تۆ لا درای!

ئەگەر قسەکەر بە دەسەڵات بێ و ئاراستەی گوێگری بکات بە مانای ئەوەی کە تۆ لەکار دەرکراوی. هەڵبەت ئەو کردارانەی، کە بەهۆی گوتەکانەوە ڕادەپەڕێنرێن مەرج نیە هەر ناخۆش بن، بەڵکو کردەکە دەکرێ بەتەواوی دڵخۆشکەریش بێت (George Yule, 2000, 47) وەک ئەم بەڵێن و قسانەی کە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بە جەماوەر دەدرێت. تیۆری کردە قسەییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەربڕینە زمانەوانییەکان تەنیا واتای ڕاستەوخۆی وشەکان ناگوازێتەوە، بەڵکو بەگوێرەی کۆمەڵێك هۆکار وەکو دەوروبەر دەگۆڕێت (حەسەن عەلی، ٢٠١٥، ل٣).

ئەنجامدان و لێکۆڵینەوە لە کردەی ئاخاوتن بە بناغە و کرۆکی لێکۆڵینەوەی پراگماتیکی زمان دادەنرێت، چونکە پراگماتیك لە سەرەتای پەیدابوونیەوە بۆ کردەی ئاخاوتن هاوواتابوو. کەواتە، دەتوانین بڵێین کردەی ئاخاوتن ئەو چالاکییە کاتێك کە مرۆڤ قسە دەکات بە ئەنجامدانی ڕەنگدانەوەی ئەو کردەیە کاریگەری لەسەر گوێگر دەکات و کاردانەوەی لەلا پەیدادەکات (شێرزاد سەبری، ٢٠١٤، ل١٩٦_١٩٧).

ئۆستن باوەڕی وایە کە قسەکەر لە کاتی ئاخاوتندا سێ کار (کردە) ئەنجام دەدات:

**یەكەم/ كردەی گوتن:** لێكدانی وشەكانە بەشێوەیەكی ڕێزمانی و دیاریكردنی هاوبەشەكان و شێوەی گەڕاندنەوەی جێناوەكان (عەبدولواحید مشیر دزەیی، ٢٠٠٩، ل٧٠).

- "ئەم كوردستانەی ئەمڕۆ تێیدا دەژین". ئاماژەیە بۆ ناوی جوگرافیای شوێنێک كە (هەرێمی كوردستانە)

**دووەم/ كردەی مەبەستدار:** ئەو مەبەستەی كە قسەكەر دەیەوێ بیگەیەنێت بە گوێگر, هەڕەشە بێت یان پێشوازی یان پۆزش هێنانەوە..هتد (مُحَمَّد مەعروف فەتاح، ٢٠١١، ل٢٠٨).

- بۆ ئارامی و هەلی كار و خزمەت، دەنگبدەن. (ئامۆژگاری)
- بەداخەوە. (واتای نییە, بەڵكو ئەركی هەیە, پۆزش هێنانەوەیە)

**سێیەم/ كردەی پاشكار:** ئێمە هەروا بە ئاسانی گوتەیەك دەرنابڕین ئەركێكیشی پێبسپێرین بەبێ ئەوەی كاریگەرییەكەی لەسەر بەرامبەرەكەمان لەبەرچاو نەگرێت(George Yule, 2000, P48) .

## 2.2 پۆلێن كردن و جۆرەكانی كردە قسەییەكان:

یەكێك لە كێشەكانی تیۆری كردە قسەییەكان جیاكردنەوە و ناسین و پۆلێن كردنی جۆرەكانیەتی, بەڵام بەشێوەیەكی گشتی سەرچاوەكان ئاماژە بەدوو جۆر لە پۆلێنكردنی كردەی قسەیی دەكەن. پۆلێنكردنی (ئۆستن و سیریل)، كە هەر یەكەیان بەشێوەیەک كردە قسەییەكانیان دابەشكردووە، ئێمە لێرەدا باس لە هەردوو جۆری پۆلێنكردنەكە دەكەین.

### 2.2.1 پۆلێنكردنی كردەی قسەیی (ئۆستن)

زمان لای ئۆستن تەنیا ئامرازێک نییە بۆ وەسفكردن و گواستنەوەی هەواڵ، بەڵكو هۆكارێكە بۆ ڕازیكردن و كارتێكردنی بەرامبەر "ئۆستن لە سەرەتادا بە جیاكردنەوەی هەردوو زاراوەی (وەسف) و (ئەنجامدان) كاری كرد، كە ڕستەی وەسف ئەو ڕستەیەیە كە كاری وەسفكردنی ڕووداوێک یان بارودۆخێكە كە ئەو كردەیە ئەنجامبدات، بەڵام ڕستەی ئەنجامدان ئەو ڕستەیەیە كە كاری ئەنجامدانی ئەو كردەیە لە هەمان كاتدا" (العیاشی أدراوی، ٢٠١١، ٨٢) ئۆستن لە پۆلێنكردنەكەیدا هەمیشە كار (كردار) دەكاتە سەرچاوە. كە بەگشتی ئەم جۆرانەی دیاری كردووە:

1. كردەی قسەی ڕاپەراندن.
2. كردەی قسەی ناڕاپەراندن.
3. كردەی قسەی ڕاستەوخۆ.
4. كردەی قسەی ناڕاستەوخۆ.

١_ كردەی قسەی ڕاپەراندن: هەموو ئەو جۆرە وتنانە دەگرێتەوە كە كردارەكانیان واتای ئەنجامدان و ڕاپەراندنی كارێك دەگەیەنێت, واتە ناوەرۆكی وتنەكە بریتی دەبێت لە ئەنجامدانی كردەیەك. كە زیاتر ئەم جۆرە كردانە دەگرێتەوە (بەڵێن و پەیمان, سوێند خواردن, سوپاسكردن, بڕیاردان,...) (قیس كاكل، ١٩٩٥، ل٦٧).

- بەڵێنتان پێدەدەین كە لە ماوەی شەش مانگا موچەی فەرمانبەران وەک خۆی لێدێتەوە.
- دەرفەت دروست دەكەین بۆ سەرمایەداران.

٢_ كردەی قسەی ڕانەپەراندن: لەم جۆرانەدا مەرجێك یان زیاتری ڕاپەراندنیان تێدا نابێت. لە كرداری ڕانەپەڕاندندا قسەكەر ڕاستەوخۆ كردەكە ئەنجام نادات. بەڵكو زیاتر مەبەستەكانی (سزادان, كوشتن, كۆشش و هەوڵدان,...) دەگەیەنێت (دارا حەمید، ٢٠١٢، ل٧١).

- "ئێمە دەتوانین داكۆكیكاری مافەكانی ئێوە بین".
- هیوادارم سەركەوتوبیت.

٣_ كردەی قسەی ڕاستەوخۆ: هەركات پێوەندییەكی ڕاستەوخۆ لەنێوان ڕۆنانی ڕستەكە و ئەركەكەیدا هەبێت, ئەوە بەكردەی قسەیی ڕاستەوخۆ ناودەبرێ. ئەگەر ڕستەی هەواڵدان بۆ ڕوونكردنەوەیەك بەكاربێت لەم جۆرە كردەیەدایە (George Yule, 2000, P54).

- پارە دزراوەكانی كوردستان دەگەڕێنینەوە دەیدەینەوە بە پاشەكەوتی موچە.

٤_ كردەی قسەی ناڕاستەوخۆ: ئەو بارانە دەگرێتەوە كە مەبەستی قسەكەر بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر. مەبەست لێی ئەوەیە, كە جیاوازییەك لەنێوان جۆری ڕستەكە و جۆری كردەی قسەیی دێتە ئاراوە, كە ڕێككەوتن لەنێوانیاندا نەبێت (مُحَمَّد معروف فتاح، ٢٠١١، ل٢١١).

- ئەم كوردستانەی ئەمڕۆ تێیدا دەژین ئەم كوردستانە نییە باووباپیرانمان خەباتیان لەپێناوی كرد.

بەپێی یەكێك لە پێڕەوە گشتییەكانی پۆلێنكردن، پێنج جۆر ئەركی گشتی بەهۆی كردە قسەییەكانەوە ڕادەپەڕێنرێ: (ڕاگەیاندن/هەواڵدان, نواندن/وەسفكردن, هەست دەربڕین, ئاڕاستەكردن/خواستن, پابەندكردن/فەرماندان) (George Yule, 2000, P53). كە لە خوارەوەدا باسیان دەكەین:

١_ ڕاگەیاندن: لەم جۆرەدا كردە قسەییەكان، كە بەدەربڕینیان جیهانی دەرەوە دەگۆڕن, قسەكەر دەبێ ڕۆڵێكی دامەزراوی كۆمەڵایەتی هەبێت, تا ڕاگەیاندنەكە بە دروستی ڕاپەڕێنرێت, كە لەڕێگەی وشەكانەوە بارودۆخەكە دەگۆڕێ.

- ئێمە لەژێر دروشمی بنیاتنانی كوردستانێكی بەهێز بۆ جێبەجێكردنی خاڵ بە خاڵی ئەو كارنامەیەی كە پارتی ڕایگەیاندووە دەچینە پەرلەمانی كوردستان.

٢_ وەسفكردن: ئەو كردە قسەییانەی كە لەڕێگەیانەوە جیهان بەو شێوەی هەیە یان خۆی باوەڕی پێ هەیە پیشان دەدات، دەربڕینی گوتنی ڕاستی پشت ڕاستكردنەوە, وەسفكردن لەو جۆرانەن.

- خەڵكی كوردستان دەنگدەرانی خۆشەویست لە ڕابردووی خەباتی پەرلەمانیا لەهەر جێیەک ناڕەزاییەک هەبوبێ پشتیوانی بووین و لەگەڵی بووین.

٣_ دەربڕینی هەست: ئەو جۆرە كردانە هەستی قسەكەر لەبارەی جیهانی دەرەوە دەردەبڕن ئەزموونی قسەكەر دەخاتەڕوو. وەك (شادی, ئازار, خەم, چێژ,...).

- ڕۆژانە لە هاوڵاتییانی دەبیستم كە ماندوون لە نا ئارامی و نا سەقامگیری سیاسی و كۆمەڵایەتی.

٤_ داخوازی: ئەم جۆرەیان قسەكەر لەڕێگەی دەربڕینەكانیەوە وا دەكات گوێگر شتێك بكات. ئەو كردە قسەییانە ئەوە دەردەبڕێ كە قسەكەر دەیەوێ فرماندان, پێشنیاركردن. دەتوانن بەشێوەی ئەرێ یان نەرێ بەكاربێن.

- بۆیە دەڵێم بۆ ئارامی و هەلی كار و خزمەت دەنگبدە.
- چاوەڕوانیمان لێتان هەیە چاوەڕێی دەنگەكانتانین.

٥_ کردەی قسەی پابەندی: ئەو جۆرەشیان لە کردە قسەییەکان، کە خۆی بە ڕاپەڕاندنی کارێکەوە لە داهاتودا پابەند دەکات و هەربۆیە دەربڕی مەبەستی قسەکەرن. بەڵێندان، هەڕەشەکردن، ڕەتکردنەوە، کە قسەکەر دەتوانێ خۆی بەتەنیا یان وەك ئەندامێکی گروپەکە ڕاپەڕێنێت (George Yule, 2000, P53).

- نە پشت لە خەڵکی خۆمان دەکەین نە مل دەدەین بۆ پۆست نە مل دەدەین بۆ پارە.

- بەکارەکانم سەلماندوومە کە خاوەنی بەڵێنەکانی خۆم.

سەبارەت بەو پۆلێنکردنەی کە ئۆستن بۆ کردە قسەییەکان کردوویەتی، بۆچوونی وایە کە کردەی بڕیاردان "بریتیە: لە دەسەڵات و حوکمکردن, کردەی فەرمانکردن بریتیە: لە بەکارهێنانی دەسەڵات و کردەی پەیوەست بوون بریتیە: لە پابەندبوون، کردەی ڕەوشت و ڕەفتاریش بریتیە: لە هەڵوێست وەرگرتن, هەروەها کردەی ڕوونکردنەوەش بریتیە: لە وەسفکردن و خستنەڕووی هۆکارەکان و پێویستی بەردەوامبون" (دارا حەمید، ٢٠١٢، ل٩٠).

## 2.1.2 پۆلێنکردنی کردەی قسەیی (سێریل)

بە دووەم کار دادەنرێت دوای ئۆستن، لەسەر جولەی تیۆری کردە قسەییەکان و بە تەواوکەری کارەکەی ئۆستن دادەنرێت، کە زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بکرێت. جۆری کردە قسەییەکان پەیوەستن بەو کردانەی کە بۆ دەربڕین بەکاردێن. ئەمەش دەبێتە هۆی دیاریکردنی سیمای واتایی کردارەکان لەڕێگەی پێوەندی کردەکانەوە، بە بۆچوونی ئەم تیۆرە کاتێک کە قسەکەر قسە دەکات خۆی لە خۆیدا شتێک ڕادەگەیەنێت یان داواکارییەکی هەیە یان هەر جۆرێکیتری کردەی قسەیی (سێریل، ١٩٦٩، ل٣٦). ئەگەرچی مەرج نییە هەموو سیمایەکی واتایی بێتە دەرخستنی جیاوازی نێوان جۆری کردەی قسەیی (عبدالواحید مشیر دزەیی، ٢٠١١، ٦٠). دوای پۆلێنکردنەکەی ئۆستن، سێریل ئامانجەکەی خۆی بەم شێوەیە خستەڕوو:

1. بەهۆی پێوەندی نێوان وشە و دنیاوە کردە قسەییەکان دەتوانرێت دابەشبکرێن.

2. سێریل لێکۆڵینەوە پراگماتیکییەکانی لە ڕستە و دەوروبەری ئامادەکراو جیا کردەوە، چونکە نەدەتوانرا تیۆری کردە قسەییەکان بەسەر بڕگەی درێژتر و چەمکی کۆمەڵایەتی و لێڵ واتاییدا جێبەجێ بکرێت (ئاڤێستا کمال، ٢٠٠٦، ل٤٣). سێریل کردەی قسەیی دابەشی سەر ئەم جۆرانە کردووە:

١_ نواندن(Representatives): خاڵی سەرەکی یان هۆکاری سەرەکی وردەکارییەکانی بەشی نواندنە، پێسپاردنی پلەی جیاوازە بە کەسی قسەکەر بۆ بوونی بەشێک لەو حاڵەتە، نواندنیش حاڵەتێکە لە لایەن قسەکەرەوە، جا چ ڕاست بێت یان هەڵە. ئەم جۆرە گەیاندن و وازهێنان و ڕوونکردنەوە ... دەگرێتەوە.

- زیادکردنی هەلی کار و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانە. (یەکێتی)

- ئێمە دەستورێکی هاوچەرخمان هەبێ تا ئەرک و دەسەڵاتی هەموو دامەزراوەکان بە تەواوەتی لێک جیاکاتەوە. (پارتی)

٢_ فەرماندان(Directives speech acts): لەم جۆرە کردەیەدا قسەکەر وا لە گوێگر دەکات کردارێک بکات. وەک داواکاری، فەرمانەکان، ئامۆژگاری، خاڵی ڕوونکراوەی قسەکەر پێکدێنێت، لە هەوڵدان لەلایەن کەسی قسەکەر بۆئەوەی وا لە گوێگر بکات کارێک ئەنجام بدات (سجاد عیسام، ٢٠١٧، ل١٠).

- بەڕێزان ئەم هەڵبژاردنە دەرفەتێکە بۆتۆی دەنگدەر بەشداریی لەگەڵم بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەمان تاکو کوردستانێک دەستەبەر بکەین کە لە ئاستی چاوەڕوانی ئێوە بێت. (یەکێتی)

- دەبێت هەموو دەنگدەرێکی نەوەی نوێ شانازی بکات بە نەوەی نوێ، کارێکی وا دەکەین سەری هەمووتان بەرز دەکەینەوە، بەڵێنتان پێدەدەم لەماوەی شەش مانگدا لە پلانەکەشمانا هەیە بە نووسین نەک بە درۆ، بەڵێنتان پێدەدەم کە لەماوەی شەش مانگدا موچەی فەرمانبەران وەکو خۆی لێدێتەوە. (نەوەی نوێ)

٣_ هەست دەربڕین(Expressives): ئەم جۆرە کردانە بە بۆچوونی سێریل زیاتر پەیوەستە بە باری دەروونی قسەکەرەوە، چونکە لە ئاکامی کۆبوونەوەی پەنگخواردووی هەستەکانی قسەکەر بەرامبەر بە دیاردەیەک یان ڕووداوێک دێتە ئاراوە، دەربڕینی ئەم هەستەش لە دڵسۆزییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە سوپاسکردن و پیرۆزبایی و شانازیکردن لەم جۆرە کردانەن (دارا حمید، ٢٠١٢، ل١٠٠).

- ئەم کوردستانەی ئەمڕۆ تێیدا دەژین ئەو کوردستانە نییە باو و باپیرمان خەباتیان لە پێناوی کرد. (یەکێتی)

٤_ ڕاگەیاندن(Declarative): جوت کردنی واتا و دەوروبەر و هێنانەدی کردەکە یەکێکە لە سیما گرینگەکانی ئەم جۆرە کردانە، واتە هێنانەدی کردەکە ئەوە دەستەبەر دەکات، کە واتا و دنیای دەوروبەر بەرامبەر دەوەستن یان وەک یەکیان لێ دێ بەشێوەیەکی گشتی هێنانەدی ئەم کردانە پێویستی بە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی هەیە، مزگەوت، یاسا و قوتابخانە .... دەربڕینیشیان بەهۆی گرێ و وشەی واوە دەبێ کە لە بونەدا بەکاردێت، نموونەی ئەم جۆرە مارەکردن، ناونانی منداڵ، دەرکردن لە ئیش ... (قیس کاکل، ١٩٩٥، ٥٩).

٥_ پەیوەستبوون(Commissives): مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم کردانە بەستنەوەی قسەکەرە بە بەڵێنێک کە لە داهاتوودا جێبەجێی دەکات، نموونەی ئەم جۆرە بەڵێندانە، پەیمان، سوێند، دابین کردن .... (قیس کاکل، ١٩٩٥، ل٥٨). باسەکەی ئێمە لەبارەی کردەی بەڵێندانە لە وتاری سەرۆک لیست و قەوارە سیاسییەکانی پەرلەمانی کوردستان، کە لە بەشی دووەمدا باسی لێوە دەکەین و نمونەی کرداری دەخەینەڕوو.

- دەرفەت دروست دەکەین بۆ سەرمایەداران کە پرۆژەی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵی دروست بکەن لەڕێگەی کۆمەڵێک بەنقی کەرتی تایبەتەوە. (گۆڕان)

- بەڵێنیان دەدەینێ ئەوە چەندین جارە بەڵێنیان دەدەینێ نە پشت لە خەڵکی خۆمان دەکەین نە مل دەدەین بۆ پۆست نە مل دەدەین بۆ پارە. (نەوەی نوێ)

## 3. بەشی دووەم

بەڵێندان لە کردەی قسەکردندا

## 3.1 بەڵێندان لە کردەی قسەکردندا

پێوەندی، ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا، بۆ مانەوەیان و بەردەوامبوونیان لە ژیان پێویستیان بە زمانە، چونکە کاری سەرەکی زمان بریتییە لە گفتوگۆکردن و پێوەندی دروست کردن لەگەڵ هاوزمانانی، کرۆکی ئەم

توێژینەوەیەش لەسەر کردەی قسەی بەڵێندانە. خەڵک پێویستی بە زمانە بۆئەوەی بیرۆکە و هەستەکانیان دەربڕن و زانیاری بدۆزنەوە. گفتوگۆ کاتێک سەرکەوتوو دەبێت، کە لەنێوان قسەکەر و گوێگرەکاندا هیچ لێکتێنەگەیشتنێک ڕوونەدات. قسەکەرەکان پێویستە ئاگاداربن لەوەی کە چ دەکەن، چونکە ئەوان بە دڵنیاییەوە هەوڵدەدەن لەوە تێبگەن کە قسەکەرەکان مەبەستیانە.

(مۆلیگان) پێنج جۆر ئەرکی گشتی دیاریکردووە، کە لەلایەن کردەی قسەیی جێبەجێدەکرێت وەک: ڕوونکردنەوە، نوێنەری، دەربڕین، ڕێنمایی، جێبەجێکردن. جێبەجێکردن، بریتییە: لەم جۆرە کردە قسەییەی، کە قسەکەر بەکاریدەهێنێت بۆ جێبەجێکردنی هەندێک ئەرک لە داهاتوودا، ئەوە دەردەبڕن کە قسەکەر دەیەوێ، ئەوانیش بریتین: لە بەڵێنەکان، ترساندنەکان، ڕەتکردنەوەکان. بەڵێنەکان دەتواندرێت دەربڕدرێت لەلایەن قسەکەرێکەوە بەتەنیا، یاخود قسەکەرێک وەکو ئەندامی گروپێک، کاری قسە هەندێک جار بەکاردێت بۆ گفتوگۆی زارەکی جا بۆ زمانی یەکەم بێت یاخود زمانی دووەم. بە کورتی کردەی قسەیی بریتییە لە ئەنجام دانی شتەکان لەلایەن وشەکانەوە بە پرسیارکردن، سوپاسکردن، لێبوردن، فرمانکردن، بەڵێندان، ... (سجاد عیسام، ٢٠١٧، ل١٣). کردەی پەیوەست بوون هەموو ئەو بەڵێنانە دەگرێتەوە، کە پێوەندیان بە بەڵێندان و مەرجکردن و سوێند خواردن و پەشیمان بوونەوە ... هەیە. لەم جۆرە کردەیەدا قسەکەر خۆی پەیوەست دەکات بە ئەنجامدان و بەجێهێنانی کارێک ئەمەش جگە لەو کردانەی پێشوو بوونی (نییەت) ئامانجی کارکردن لای قسەکەر دەگرێتەوە. پەیمان و نیەتیش دەبن بە جۆرێک لەو نیەتانە (دارا حمید، ٢٠١٢، ل٨٢).

کاتێک قسەکەر وتەکان جێبەجێ دەکات لە هەمانکاتیشدا هەندێک کار دەزانێت وەک ئاماژەی پێدراوە کردەی قسەیی بەشێوەیەکی ئاسایی سەردێری زۆربەی توێژینەوە کردارییەکانە، کە دەتوانرێت بەم شێوە پێناسە بکرێت وەکو زانستی توانای بەکارهێنەرانی زمان بۆ بەراوردکردنی ڕستە لەگەڵ ماناکەی بەشێوەیەکی شیاو، کردەی قسەیی بریتییە: لەو کردانەی کە جێبەجێدەکرێت لەکاتی قسەکردندا، هەروەها ڕۆڵێکی گرینگی هەیە کە زانیاری گرینگ ئاشکرا دەکات دەربارەی بەکارهێنەرانی زمان و کۆمەڵگەکەیان (مۆلیگان، ١٩٨٧، ل٥٣). سەبارەت بە کردەی بەڵێندانیش چەند پێناسەیەک دەخەینەڕوو، کردەی بەڵێندان خاڵی ئەم توێژینەوەیە "بریتییە لە جێبەجێکردنی کارێکی دیاریکراو لە داهاتوودا"، هەروەها "بەڵێندان قسەیەکە دەبێت بکرێت یان نەکرێت یا بدرێت لەلایەن کەسێکەوە"، لە پێناسەیەکی تردا هاتووە "بەڵێندان وتەیەکە کە کەسێکیتر مافی ئەوەی هەیە باوەڕ بکات یان پشتی پێ ببەستێت، کەسێک شتێک دەکات یان نایکات، شتێک دەدات ..." بەشێوەیەکی کرداری دەکرێت بابەتێکی سودبەخشبێت لە تێگەیشتنی کەلتووریانە بەتایبەتی لەکاتی فێرکردنی دووربینی ئامانجی قسەکەر لە دەربڕینی کردەی قسەیی بەڵێندان لەڕووی فێرکردنەوە، کەوامان لێدەکات تێگەیشتنمان باشتر بێت بۆ قسەی ئەوانیتر (سجاد عیسام، ٢٠١٧، ل١٤).

## 3.2 مەرجەکانی کردەی بەڵێن و پەیماندان

لە پراگماتیک و تیۆری کردە قسەییەکاندا زاراوەی مەرج بۆ ئەو مەرجانە دەگەڕێتەوە، کە پێویستە لە شوێنی خۆیاندا بن ئەم بارودۆخانەش پێویستە ڕازیکەربن وەک ئەم مەرجانەی خوارەوە.

1. زۆرجار لەو کردە قسەییانەدا تەنیا قسەکەر تەوەرە، پێشبینی وەڵامدانەوە ناکرێ لەلایەن گوێگرەوە.
2. دەکرێ بەڵێن پێدراو لەکاتی ئاخاوتنەکەدا ئامادە نەبێت.
3. لە کردەی بەڵێندان زۆرجار قسەکەر و گوێگر هەمان پێگەی کۆمەڵایەتییان هەیە (دارا حمید، ٢٠١٢، ٨٢).
4. گوتنەکە لە بارەی ڕووداوێکی داهاتوو بێت.
5. ڕووداوەکە لە داهاتوودا کردەی قسەکەر دەبێت، کە مەرجە پێشەکییەکان ڕوون بێت، واتە:

*ڕووداوەکە لە داهاتوودا بۆخۆی ڕوونەدات.

*ڕووداوەکە بۆ بەڵێنپێدراوان کاریگەرییەکی سودمەند بێت.

6. مەرجی پێویست دەبێ قسەکەر پابەندبێت و لەباری نا پابەندی نەمێنێتەوە، ئەو کاتە کردەی بەڵێندان دێتە ئاراوە.

٢-٣: ناو و جۆری کردە بەڵێنیەکان

- کردەی قسەی پابەندی جۆرج یول کردە بەڵێنیەکان.
- کردەی پەیماندان ئۆستن کردە بەڵێنیەکان.
- کردەی پەیوەستبوون سیریل کردەی پەیمان و بەڵێندان.

ئۆستن ئەمەی دیاریکردووە، کە ئێمە زمان بەکاردەهێنین بۆ جێبەجێ کردنی شتەکان، هەروەکو دووپاتکردنەوە و دەربڕینی وتەیەکی وەک "من بەڵێندەدەم کە ئەم کارە بکەم" لە کارە گرینگەکانی ئۆستن، ئەوەیە: چۆنێتی جێبەجێ کردنی بابەتەکان بە وشە.

ئامانجی (سیریل) لە وەسفکردنی یاساکان، وتەکان و ماناکان لەگەڵ ئاگادار بوونی مەرجی پێویستییەکان و حاڵەتە بەشکراوەکان بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکە و دواتر داڕشتنی ئەم یاسا واتاییانەی بەڵێندان، (سیریل) ئاماژە بەوە دەکات، کە زمان بریتییە: لە کارێکی یاسا دانراو. لەکاتی ئاماژەکردندا جیاوازی لەنێوان یاسا ڕێکخراوەکان و بنچینەییەکان دەکات (سجاد عیسام، ٢٠١٧، ل١٥).

1. یاسا ڕێکخراوەکان، ئەم کارانەن کە بوونیان لە یاساکان سەربەخۆیە، وەک پێویستی ئەم یاسایانەش دەتوانرێت بە ئاسایی دابنرێت.
2. یاسا بنچینەییەکان، ئەمانەش بنچینەی کارێکن کە بەشێوەیەکی مەنتیقی بوونیان سەر بە یاسایەکانە، کە دەتوانرێت بە ئاشکرایی وەکو پێویستی بەکاربێت.
3. سیریل ئاماژە بەوە دەکات هەموو واتاکانی وشەی زمان دەتوانرێت ببینرێت وەکو زنجیرە لە سیستەمی یاسا بنچینەییەکان و کرداری جێبەجێکردن، لەکاتی گونجانی لەگەڵ ئەم یاسایانە (سیریل، ١٩٧٥، ل٣٤٤).

لە دەقەکاندا زۆرینەی جۆری کردە قسەییەکان بەدی دەکرێن، بەڵام ئێمە لەژێر ڕۆشنایی مەرجەکانی کردەی بەڵێندان تەنیا ئەو رستانە وەردەگرین وەک نموونە بۆ شیکردنەوەکانمان، کە ئاماژەمان پێیان کردووە، هەندێک جاریش کردەی مەبەستدار و پێوەندیدارەکانیش دەخەینە ناو باس و شیکردنەوەکان.

هیچ گوتنیکی زمانی لەو دۆخانەدا بەبێ مەبەست بەکارنایەت، بەڵکو لەکاتی بەرهەم هێنانیشدا ئەرکێکی بۆ ڕەچاودەکرێت، ئەمە ئەرکی لایەنی دووەمی گوتنەکەیە، کە بە (کردەی مەبەستدار) ناودەبردرێت و ئەو مەبەستەش، کە دەقی گوتنەکە دەیەوێت بیگەیەنێت: بەڵێن، هەڕەشە، ڕاگەیاندن، پۆزشهێنانەوە، پەشیمانی یان گەڕانەوە بێت، ئەوا مەبەستەکەی لەژێر دەسەڵاتی قسەکەردایە؛

کەواتە:

- کردەی گوتن {کردەی دەرهێنانی رستەیە بە واتا و بە ئاماژەوە}
- کردەی مەبەستدار {ئەو مەبەستەیە کە دەقی گوتنەکە دەیەوێ بیگەیەنێت}
- کردەی پاشکار {دروستبوونی ئەنجامە بۆ کردەی گوتن و مەبەست، جا ئەو ئەنجامەی بەدی دێت لەوانەیە ئەو ئەنجامە نەبێت، کە قسەکەر دەیەوێت، لەوانەیە پێچەوانەی ئەو ئەنجامە بێت کە قسەکەر ئارەزووی بووە}

بە بڕوای ئۆستن هەموو گوتنێک کارێک دەنوێنێت و هەموو گوتنێکیش مەبەستێک لە دەقی گوتنەکەیدا هەیە و هەموو گوتنەکانیش چاوەڕێی دروستبوونی ئەنجامی لێ دەکرێت.

## 3.3 گەمەی زمانی:

زمان وەک ئامرازێک بۆ مانەوەی مرۆڤایەتی و پێوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکاندا بەکاردێت، واتە (دروستکردنی پێوەندی) تاکەکانی ناو کۆمەڵگە لەڕێگەی زمانەوە بیر و ئەندێشەی خۆیان بۆ یەکتری بگوازنەوە. لێرەشدا بەشێک لەو بیرە گوێزراوانە، سۆز و لایەنە هۆشەکیەکان لەخۆدەگرێت، جا لێرەدا زمان لەپاڵ ئەو ئەرکە سەرەکییەی خۆی، کە پێوەندی تاکەکان و پرۆسەی گواستنەوەی بیری تاکەکانە بۆ یەکتر ناڕاستی تێدەکەوێت یان دەتوانین بڵێین زمان لەوکاتەدا بە مەرام، کە مەرامێک ڕاست و یەکانگیر نییە لەگەڵ ئەرکە سەرەکییەکەی، کە لە کردەی بەڵێندانی پێشوەختەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان زۆر ڕوونە، بۆ نموونە:

بەڵێنتان پێدەدەین، لەماوەی دە ساڵیشدا هەموو موچە فەوتاوەکانیشیان بۆ بگەڕێنەوە

بەڵێندان لەسەر بابەتێکی ئاوا لە بارودۆخێک، کە هەموو کوردستان بارودۆخەکە دەزانن. ڕێک دەزانین کە لەو جۆرە وتانەدا کردەی بەڵێندان نایەتەدی، چونکە کاتێک قسەکەر دەڵێت (بەڵێنتان پێدەدەین) لە بارودۆخێکی ئاناوادا زیاتر ئەنجام نەدانی کردەکەیە و تەنیا دەکرێ گوتن بێ و بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەنگ لەکاتی بانگەشە.

هەربۆیە لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا سەرۆک لیستەکان، کۆمەڵێک دەستەواژە و قسە هەیە کە بەردەوام ئاماژەی پێدەدەن و دووبارەی دەکەنەوە، وەک ئەمانەی خوارەوە:

- پشت بەستن بەخوای گەورە.
- نەشلەژان
- خۆپارێزی
- پابەندبوون بە ڕەوشت و بەهاکان
- بڵاوکردنەوەی گەشبینی و بیرکردنەوەی ئەرێنی بەرگری بەهێز دەکات.
- دوورکەوتنەوە لە کەسی ڕەشبین.

جاری واش هەیە قسەکەر بیرێکی هەیە، بەڵام بە مەبەست نایەوێت وەک خۆی لە چوارچێوەی رستەیەکی ڕاستی یەکانگیر لەگەڵ بیرەکەی دەربڕێ، ناچار ئەوەی کە دەیڵێت لەگەڵ ئەوەی لە بیریدایە ناگونجێت. لەو کاتانەدا فێڵی زمانی وەک ڕووپۆشێک بۆ داپۆشینی بیرە ڕاستەقینەکانی خۆی بەکاری دەهێنێت، چ لەباری یەکەمدا کە بە تەواوەتی (درۆکردنە)، چ لەباری دووەمدا بۆ داپۆشین و شاردنەوەی بیرە ڕاستەقینەکانە، ئەوکاتە زمان بۆ هەڵخەڵەتاندنە نەک بۆ ئاگادارکردنەوە و تێگەیشتن.

## 3.4 شیکردنەوەی وتەی سەرۆک لیستەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان:

بەپێی تیۆری کردەی قسەیی بەڵێندان لە سیریل و ئۆستن هەوڵدەدەین شیکردنەوە بۆ وتەی سەرۆک لیستەکانی پێنج پارتە سیاسییەکەی کوردستان بکەین: (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، نەوەی نوێ، فراکسیۆنی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان). لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا بۆ ساڵی ٢٠١٨. کە هەریەک لەم سەرۆک لیستانە بۆ سەرخستنی لیستەکەی خۆی و بەدەست هێنانی متمانەی خەڵک چەندین بەڵێن و پەیمانیان بە خەڵک داوە.

## 3.5 پەیامی سەرۆک لیستەکان

### 3.5.1 دەقی یەکەم: هێمن هەرامی سەرۆکی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان

هەر ٩٩ کاندیدەکەی تریش کارمان جێبەجێکردنی ئەو بەرنامە و کارنامەیە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاندووە، ئێمە لەژێر دروشمی بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز بۆ جێبەجێکردنی خاڵ بە خاڵی ئەو کارنامەی کە پارتی ڕایگەیاندووە، دەچینە پەرلەمانی کوردستان بۆئەوەی بتوانین هەم فەلسەفەی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ حوکمڕانی لە هەرێمە کوردستان جێبەجێبکەین هەم بتوانین ئەو بەڵێنە ڕاستگۆیانەی، کە بە خەڵکی کوردستانی دەدەین بیانهێنینەدی، پارتی دیموکراتی کوردستان لە کارنامەی خۆمان لە لیستی ١٨٣ی پارتیدا کۆمەڵێک خاڵی هەرە لە پێشمان داناوە لەڕووی سیاسییەوە، داڕشتنەوەی دەستورێکی هاوچەرخ بۆ گەلی کوردستان ئەمە یەکێک دەبێت لە خاڵە هەرە لە پێشینەکان، چونکە ناتوانین کوردستانێکی بەهێزمان هەبێ ئەگەر دامەزراوەیەکی بەهێزمان نەبێ ئەگەر بنەماکانی دەوڵەت لە کوردستان و شێوازی حوکمڕانی بەهێز نەبێ، ئەمەش بەوە دەکرێ کە ئێمە دەستورێکی هاوچەرخمان هەبێ تا ئەرک و دەسەڵاتی هەموو دامەزراوەکان بە تەواوەتی لێک جیا کاتەوە، ئەرک و مافی هاوڵاتیان بە تەواوی بچەسپێنێ، بۆیە نوسینەوەی دەستورێکی هاوچەرخ خاڵی لە پێشینەی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێ.

أ. داڕشتنەوەی دەستورێکی هاوچەرخ بۆ گەلی کوردستان ...
ب. دروستکردنی کوردستانێکی بەهێز ...
پ. دامەزراوەی بەهێز ...
ت. مافی هاوڵاتیان لە هەموو لایەک و بوارێک ...

بە سەرنجدان لە کردە قسەییەکانی ناو ئەم دەقە، کە وەک هەر دەقێکی تر، کە کردەی بەڵێندانی تێدا بێت لە چوارچێوەی تیۆری کاریگەری دروستکردنی ڕێکخراوە. هەر لەیەکەم کردەی قسەیی کە بەشێوەی کردەی بەڵێندان بەدیدەکرێت، وەک لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، دواتریش ڕیزکردنی کۆمەڵێک کردەی قسەیی بەڵێندان و پەیوەستکردنی بە بەڵێنەکەی یەکەم بەشێوەیەکی مەرجدار، گەمەکردنێکی لێزانانەی زمان دەردەکەوێ لە لایەن قسەکەرەوە،

چونکە مەرج بۆ مەرجەکانی کردە بەڵێنییەکانی دوای خۆی دادەنێ، کە ڕوودانی کاری کردە قسەییەکانی بەڵێندانە، کە لە پێشدا دیاریمان کردبوو. بەمەش لە چوارچێوەی کردەی بەڵێندان دەردەچێ؛ واتە بەشێوازێک هێنانە ئارایی و ڕوودانی کردەی بەڵێندانی ( أ ) دەبێتە هێنانە ئارایی و ڕوودانی کردەی بەڵێندانی (ب، پ، ت)، ئەمەش لەبەردەم بەڵێنەکانی تر مەرج دانانە ، چونکە هەر کەسێک بێتە بەردەم جێبەجێکردنی بەڵێنی (أ)، ئەوا گوێگر مافی گلەیی هەیە لە ڕوودان و جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی تر. لەلایەکی تریشەوە قسەکەر لێرەدا دەقەکەی بەشێوەیەکی بە ئاگایانە ڕێکخستووە، کە ڕوودان و جێبەجێکردنی بەڵێنی (أ) یەکێکە لە دەستکەوتە مەزنەکان، هەروەها دەکەوێتە ناو پرسە گرینگ و چارەنووس سازەکانەوە، هەموو لایەنەکانی تریش دەبێ کاری بۆ بکەن و پێویستی بە کۆدەنگی هەموو لایەنەکانی ناو پرۆسەکەوە هەیە، واتە ئەگەر هەر کۆسپێک لەبەردەم جێبەجێکردن دروست بکرێت ئەوا جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی (ب، پ، ت) بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بەشێوەیەک گەمە زمانییەکان وا دەکات قسەکەر دەرباز بکات لە مەرجی کردەی بەڵێندان، کە ڕوودان و جێبەجێکردنی کردەکانە لەدوای پرۆسەکە.

لەلایەکی ترەوە قسەکەر بەهۆی ئەو متمانە پێشینەیی و دەسەڵاتی جێبەجێکردنی کردە بەڵێنییەکانی ئەو لایەنەی، کە بانگەشەی بۆ دەکات و لایەنگرانی دڵنیا دەکاتەوە، کە بەڵێندان بۆ پرسێکی ئاوا گەورە، لای ئەو پارتە ئەستەم نییە، پێشینەیان لە جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنانە هەیە بۆیە متمانەیەکی بەهێزی هەیە و زمانی بەو شێوە دەربڕینە لە دەقەکەیدا وەک دەستپێکی بەڵێنەکان ئاماژەی بۆ دەدات.

### 3.5.2 دەقی دووەم: قوباد تاڵەبانی سەرۆکی لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

بەناوی خوای گەورە کوردستانیانی خۆشەویست سڵاوتان لێ بێ ئەم کوردستانەی ئەمڕۆ تێیدا دەژین، ئەو کوردستانە نییە باو و باپیرمان خەباتیان لە پێناوی کرد، ڕۆژانە لە هاوڵاتییانی دەبیستم کە ماندوون، ماندوون لە نائارامی و نا سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی نیگەرانن، کە هەرچەندە هەرێمەکەمان دەوڵەمەندە، بەڵام بێکاری و ڕێژەی هەژاری بەتایبەت لەنێو گەنجەکانمان زیادی کردووە، چاوەڕێی ئاستێکی باشترن لە خزمەتگوزاری ، دەنگدەری بەڕێز ئەم هەڵبژاردنە دەرفەتێکە بۆ مسۆگەر کردنی کوردستانێک کە شوێنی ژیانێکی شایستەبێ بۆتۆی کوردستانی هەموو ڕۆژێک من ئیلهام وەردەگرم لە دیدگا و ڕێبازەکەی باوکم هەر ئەویش بوو فێری کردم کە کوردستان دەبێ ئارام بێت و بەبێ جیاوازی کار بکەم بۆ هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. لەم چوار ساڵە سەختەی ڕابردوو بە هەنگاو و دەسپێشخەرییەکانم هەوڵمداوە بیسەلمێنم کە خزمەتکارە ڕاستگۆ و دڵسۆزەکەی ئێوەم پلانی ئێمە بۆ چوار ساڵی داهاتوو ئارامکردنی دۆخی کوردستانە، زیادکردنی هەلی کار و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانە، ئەمە تەنها دروشم نییە، بەڵکو بە کارەکانم سەلماندوومە، کە خاوەنی بەڵێنەکانی خۆمم ئەزموونم هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم دیدگا و ڕێبازە. بەڕێزان ئەم هەڵبژاردنە دەرفەتێکە بۆتۆی دەنگدەر بەشداربی لەگەڵم بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەمان تاکو کوردستانێک دەستەبەر بکەین کە لە ئاستی چاوەڕوانی ئێوە بێت. بۆیە دەڵێم بۆ ئارامی و هەلی کار و خزمەت دەنگ بدە بە لیستی ١٠٥ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

أ. بەبێ جیاوازی کار دەکەم، بۆ هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.
ب. پلانی ئێمە بۆ چوار ساڵی داهاتوو، ئارامکردنی دۆخی کوردستانە...
ت. زیادکردنی هەلی کار ...
ث. باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان ...
ج. ئارامی و خزمەتگوزاری ...

دەستپێکی ڕستەکانی قسەکەر لەناو ئەو دەقە بە کۆمەڵێک کردەی ڕاگەیاندن وناساندنی خودی قسەکەرەوەیە، ئەمەش ڕوونە بۆ دروستکردنی کاریگەریی و کێشکردنی گوێگرو لایەنگرەکانە، چونکە خودی قسەکەرەکە وەک کەسایەتیەکی قبوڵکراو بەهۆی ئەو پێگەی، کە بنەماڵەکەی هەیەتی، کوڕی سەرکردەیەکی دیارە، بۆیە دەیەوێ لەو پێگە کۆمەڵایەتییە سوود وەربگرێ و ئاماژە بە وتەکانی و کردە قسەییەکانی باوکی دەکات و بە بیر گوێگرانی دێنێتەوە، وەک زانیاری دەیخاتەوە بەر گوێیان، لەو ڕێگەیەشەوە کاریگەری دەخاتە سەر گوێگران و دواتر دێتە سەر بەڵێنەکان و ئەو کردانە (ا، ب، پ، ت ..) ئاماژە پێدەکات بێ ئەوەی ڕەچاوی مەرجەکانی کردەی بەڵێندان بکات، کە گرینگترینیان ڕوودانی ئەو کردە بەڵێنییانەن دوای پرۆسەکە، کە گوێگر چاوەڕوانی ڕوودان و بە ئەنجام گەیاندنیانن، بەمەش ئەو گریمانەی کە کردەی بەڵێندان دەبێ چەند مەرجێک لەخۆی بگرێت. ئەو کردانە دوور دەخاتەوە و ناچنە خانەی بەڵێندان و ڕوودانیان و بە ئەنجامگەیاندنیان ناڕوون و لێڵ دەمێننەوە، چونکە ڕەچاوی ئەوەی تێدا نەکراوە ئاخۆ توانای بەسەر ڕوودانی ئەو کردە بەڵێنیانەدا دەشکێ یاخود نا؛ واتە جگە لە پشت بەستن بەو پێگە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بەرزەی خۆی هەیەتی، خۆشی دەزانی ئەم کردە بەڵێنیانەی ئاماژەی بۆ دەکات، توانا و زەمینەیەکی زۆری دەوێت.

### 3.5.3 دەقی سێیەم: حەمە ساڵح سەرۆکی لیستی فراکسیۆنی گۆڕان

ئێمە پلانێکمان هەیە بۆ سەد ڕۆژی پەرلەمانی کوردستان، وەک فراکسیۆنی گۆڕان بە ئامادەکردنی چەند پڕۆژەیەک بۆ بە دامەزراوەیی کردنی نەوت و دروستکردنی چەند دامەزراوەیەک، کە ڕێگە لە دزین و نا شەفافییەتی داهاتی نەوت دەگرێ، پلانمان هەیە بۆ نەهێشتنی پاشەکەوتی موچە، بۆ جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عیراقی بۆ ئەوانەی، کە سەرفکردنی موچەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ جێگیرکردنی سیستەمی پەرلەمانی و دوایی پلانی سەد ڕۆژەمان هەیە بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، دروستکردنی دەرفەتی کار، هەمواری یاسای وەبەرهێنان، هەمواری کۆمەڵێک یاسا، کە پێوەندی بە کەرتی پیشەسازی هەیە لەبری قورغکاری زەوی و دەرفەت دروست دەکەین بۆ سەرمایەداران، کە پڕۆژەی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵی دروست بکەن لەڕێگەی کۆمەڵێک بەنقی کەرتی تایبەتەوە کاردەکەین و قەرزی پیشەسازی کشتوکاڵی و عەقار دەستەبەر دەکەین. بە دڵنیاییەوە پلانێکی تۆکمەمان داناوە پلان بە دەنگی خەڵک دەکرێ.

أ. پلانیان هەیە ... بۆ بە دامەزراوەیی کردنی نەوت و دروستکردنی چەند دامەزراوەیەک کە ڕێگە لە دزین و نا شەفافییەتی داهاتی نەوت دەگرێ ...
ب. پلانیان هەیە، بۆ نەهێشتنی پاشەکەوتی موچە ...
ت. پلانیان هەیە، بۆ جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عیراقی ...

ث. پلانی سەد ڕۆژمان هەیە، بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە ...

ج. پلانیان هەیە، بۆ دروستکردنی دەرفەتی کار.

ح. پلانیان هەیە، بۆ هەمواری یاسای وەبەرهێنان.

خ. دەرفەت دروست دەکەین بۆ سەرمایەداران، کە پرۆژەی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵی دروست بکەن...

زۆربەی ئەو کردە قسەییانەی سەرەوە وەک کردەی بەڵێندان گوێگر وەریان دەگرێ، بەڵام لە ڕاستیدا کردەی بەڵێندان نین، چونکە مەرجەکانی ئەم کردەیەیان تێدا ڕەچاو نەکراوە، کە گرینگترینیان ڕوودان و جێبەجێکردنیانە و گوێگر چاوەڕوانی ڕوودانیانە، لەو ماوەیەی، کە دیاریکراوە و ئاماژەی بۆ کراوە. هەروەها قسەکەر لە مەرجێکی تر، کە پابەندییە خۆی دەپارێزێ، چونکە بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ بەڵێن بە مەرجی پابەندبوون نادات، چونکە زۆربەی کات بە دەستەواژەی (پلانمان هەیە) کردە قسەییەکان دەست پێ دەکات. ئەمەش لێرەدا دەکرێ پلانەکانیان بە هەر پاساو و ڕێگرییەک بێت نەکەوێتە بواری ڕوودان و جێبەجێکردنەوە بە تایبەت لەو ماوەی کە ئاماژەی بۆ کردووە (لە سەد ڕۆژدا...)، واتە دەکرێ دوای (ئەو سەد ڕۆژەی قسەکەر ئاماژەی پێکردوە لە تەواوی پلانەکانیان پاشگەز ببنەوە، چونکە وەک خۆی دەڵێ ئەمانە پلانی سەد ڕۆژەن، واتە هی دوای ئەو ماوەیە نین. ئەمەش لێزانی قسەکەرە، کە کردە قسەییەکان وا ڕێکدەخات تاکو خۆی لە گوێگر نزیک بکاتەوە، بێ ئەوەی لە دەربڕینەکان ڕەچاوی پابەندبوونی لێبکرێت، کە بیانخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەمەش جۆرێکە لە کارامەیی قسەکەر لە خراپ بەکارهێنانی زمان و پێکانی ئامانجی قسەکەرەکە. دواتریش دەقەکەی بە کردەی پاڕانەوە و کردەی مەرجدار کردن کۆتایی پێدێنێت، کە (پلان بە دەنگی خەڵک دەکرێت). وەک گوتمان کردەی پاڕانەوەیە بەشێوازی ڕاگەیاندن.

### 3.5.4 دەقی چوارەم: شاسوار عبدالواحید سەرۆکی لیستی نەوەی نوێ

خزمەتی خەڵکی خۆمان دەکەین، دوو مانگی تر دەبینن کە چەند ڕاستگۆین لەگەڵتانا، چۆن وادەکەین شانازی بکەن بە دەنگتانا، دەبێت هەموو دەنگدەرێکی نەوەی نوێ شانازی بکات بە نەوەی نوێ، کارێکی وا دەکەین سەری هەمووتان بەرز دەکەینەوە، بەڵێنتان پێدەدەم لەماوەی شەش مانگا لە پلانەکەشمانا هەیە بە نووسین نەک بە درۆ بەڵێنتان پێدەدەم کە لەماوەی شەش مانگا موچەی فەرمانبەران وەکو خۆی لێدێتەوە، لەماوەی دە ساڵیشدا هەموو موچە فەوتاوەکانیشیان بۆ بگەڕێتەوە، ئەگەر بمانێرنە لوتکەی دەسەڵات پارە دزراوەکانی کوردستان دەگەڕێنینەوە و دەیدەینەوە بە پاشەکەوتی موچە و بیدەینەوە بە هاوڵاتیان. بەڵێنیان دەدەینێ ئەوە چەندین جارە بەڵێنیان دەدەینێ نە پشت لە خەڵکی خۆمان دەکەین نە مل دەدەین بۆ پۆست نە مل دەدەین بۆ پارە.

أ. خزمەتی خەڵکی خۆمان دەکەین، دوو مانگی تر دەبینن کە چەند ڕاستگۆین ...

ب. بەڵێنتان پێدەدەم، کە لەماوەی شەش مانگا موچەی فەرمانبەران وەکو خۆی لێدێتەوە ...

ت. بەڵێنتان پێدەدەم، لەماوەی دە ساڵیدا هەموو موچە فەوتاوەکانیشیان بۆ بگەڕێتەوە ...

ث. بەڵێنتان دەدەینێ، ئەوە چەندین جارە بەڵێنتان دەدەینێ، نە پشت لە خەڵکی خۆمان دەکەین، نە مل دەدەین بۆ پۆست، نە مل دەدەین بۆ پارە.

لەو چەند ڕستەیەی کردە قسەییەکان وەک زۆربەی کردە قسەییەکانی دەقەکانی تر تێکەڵاوییەک بەدی دەکرێت، لەنێوان کردەی بەڵێندان و کردەی ڕاگەیاندندا. دواتر لەچەند کردەیەک کە جەخت کردنەوەیەکی قوڵی تێدا بەدی دەکرێت، وەک کردەی بەڵێندان دەردەکەوێت، چونکە قسەکەر زیاتر پێداگیری لەسەر بەڵێنەکان دەکاتەوە و ئاماژە بەشێوازی بەڵێنی نووسراو دەکات، ئەمەش وادەکات کە قسەکەر پابەندی مەرجەکانی ڕوودان و جێبەجێکردنی کردە بەڵێنییەکان لەسەر خۆی بکاتە مەرج، چونکە وەک ئاشکرایە زمانی نووسراو پابەندی زیاتری پێوەدیارە. هەروەها ئەوەی لێرەشدا جێگەی سەرنجە، ئەو سەرنجدانانەیە بۆ سەر گوێگر، کە لە دواتردا ئاماژەی بۆ دەکات، کە پرسی (گەیاندنە بە لوتکەی دەسەڵات)، ئەمەش لای گوێگر پەسەند نییە، پێچەوانەی ئەم جۆرە کردە بەڵێنیانەی پێشووترن، کە قسەکەر جەختی لەسەر کردوّتەوە، چونکە گوێگر دوای ئەو هەموو جەختکردنەوەیە چاوەڕوانی ڕوودان و جێبەجێکردنی کردە بەڵێنییەکانە، نەک مەرجدارکردنی و وەرگرتنی بەڵێنی پێشوەختە لە گوێگر. ئەمەش وادەکات گوێگر هەڵوەستە لەبەردەم ئەم جۆرە بەڵێنانە بکات و بەشێوازێکی هەستیار گوێ بۆ ئەم جۆرە کردانە شل بکات و کەمتر ئەو جۆرە مەرجدانانە پەسەند دەکات. هەرچەندە دووبارە لە کۆتایی دەقەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر جەخت کردنەوە لەسەر ڕوودانی کردەی بەڵێنەکان. دڵنیابوون و پابەندبوونی زیاتر بە بیری گوێگردا دێنێتەوە و بە کۆمەڵێک کردەی قسەیی ڕاگەیاندن کۆتایی پێدێنێت.

### 3.5.5 دەقی پێنجەم: سۆران عمر سەرۆکی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، خەڵکی کوردستان، دەنگدەرانی خۆشەویست، لە ڕابردووی خەباتی پەرلەمانیا لە هەرجێیەک ناڕەزایەتی هەبووبێ پشتیوانی بووین و لەگەڵی بووین، لەهەر جێیەک زوڵم و ستەم هەبووبێ لەوێ لەبەرەی حەق داکۆکاری مافەکانی ئێوە بووین. لە ڕۆژهەڵات لە باکوور لە ڕۆژئاوا لە هەر شوێنێکی دونیا کوردێک پێویستی بە ئێمە بوبێ. دەستی هاوکاریمان بۆی درێژکردووە بەپێی ئەو توانایەی هەمان بووە بەپێی ئەو دەنگ و قەبارەیەی کە ئێوە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو بە ئێمەتان داوە بۆئەوەی بتوانین زیاترتان بۆ بکەین لە پرسە نەتەوەییەکان، لە پرسە چارەنووس سازەکان، لە قۆناغە سەختەکان، لە قەیرانەکان، هەمیشە لەگەڵتان بین. تا بتوانین باشترتان بۆ بکەین بۆ خۆشگوزەرانیتان بۆ ژیانێکی باشترتان بۆ دامەزراوەکانی حوکمڕانی تا داکۆکیکاری زیاترین سەربەخۆبوونی دادگاکان، سەربەخۆبوونی دەسەڵاتی دادوەری، داواکاری گشتی، چاودێری دارایی تاکو گەندەڵی و بە هەدەردان لە هەرێمی کوردستان بەرەو بنەبڕ بکەین. دەستەی دەست پاکی زیاتر ئەکتیڤ و کارا بکەین. بۆئەوەی هەر کەسێک دۆسیەکانی گەندەڵی لەنێو لێکۆڵینەوە و دادگاکانایە بگەنە ئەنجام و کەس دەربازی نەبێ لە سزایەک کە ڕۆژێک لە بەرامبەر گەندەڵی و بە هەدەردانی سامانی گشتی ئەنجامی داوە، ئەگەر ئێوە پشتیوانی زیاترمان بن دەنگی زیاترمان پێبەن، ئێمە دەتوانین داکۆکیکاری زیاتری مافەکانی ئێوەبین، بۆ حوکمڕانییەکی باش بۆ پەرلەمانێکی ئەکتیڤ بۆ دەرچوونی یاسا و بڕیاری باش لە بەرژەوەندی ئێوە، لە پێناو ژیانی ئێوەدا، بۆیە چاوەڕوانیمان لێتان هەیە چاوەڕوانی دەنگەکانتانین.

أ. بۆئەوەی بتوانین باشترتان بۆ بکەین ...
ب. بۆئەوەی داکۆکیکاری زیاترتان بین ...
ت. سەربەخۆبوونی دەسەڵاتی دادوەری، داواکاری گشتی ...

لەم دەقە ئەوەندەی کردە قسەییەکان لە کردەی ڕاگەیاندندا دەردەکەون ئەوەندە کردەی بەڵێندان نین، زیاتر ئەم کردە ڕاگەیاندنانەش وەک بەبیر هێنانەوەیەک ئاراستەی گوێگر دەکات، بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەری زیاتر، لەهەمان کاتیشدا قسەکەر هەوڵدەدات بەشێوەیەکی بە ئاگایانە خۆی لە بەڵێندان بەدوور بگرێت. ئەمیش بەو پێشینەیەی کە هەیەتی لەڕووی متمانە و دەسەڵاتەوە، کە ئەم لایەنەی قسەی بۆ دەکات. بۆیە لە هەوڵی کەم بەکارهێنانی کردەی بەڵێنداندایە.
هەروەها وەک بەشێک لەم جۆرە دەقانە هەوڵی بەکارهێنانی مەرجی پێشوەختە لەرێگەی کردە داواکارییەکان ئاماژە بە چەند دەستەواژەیەک دەدات وەک:

- ئەگەر ئێوە پشتیوانی زیاترمان بن ...
- ئەگەر دەنگی زیاترمان پێبدەن ...
- ئێمە دەتوانین داکۆکیکاری زیاتری مافەکانی ئێوەبین..

بەشێوەیەکی گشتی قسەکەر لەم دەقەدا هەوڵدەدات زیاتر پارێزگاری لەو متمانە سنووردارە بکات و کەمترین کردەی بەڵێندان لەناو دەقەکەیدا ئاماژە پێبکات. دەکرێ ئێمە گریمانە بۆ ئایدیای قسەکەر بکەین، کە نایەوێ کردەی بەڵێندان بەکاربێنێت، چونکە لای ڕوونە، بەو دەسەڵاتەی لە پێشینەدا هەیان بووە، کە توانای زیاتری ڕوودان و جێبەجێکردنی کردەکان بکات، بەمەش تەنیا و تەنیا جەخت لەسەر خستنەڕووی زانیارییە پێشینەکان دەکاتەوە و بە پاڵپشتی زیاتر، کە مەرجی پێشوەختەیی و توانای بەڵێندانی زیاتر بە گوێگر دەدات.

## 4. ئەنجام

بیردۆزی خوێندنی کردەی قسەیی، کە لە لایەن زمانەوان (ئۆستن) سەری هەڵدا و (سیریل)ی زمانەوانیش پەرەی زیاتری پێدا، کە لە ئێستادا بۆتە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی بواری کرداری و زمانەوانی، لەم کاتەی ئەم بیردۆزە هاتۆتە کایەوە و سەری هەڵداوە توانیویەتی ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت لە دەربڕینی قسە لە بارودۆخە جیاوازەکاندا. لەگەڵ ئەمەشدا کردەی قسەیی پەیوەستە بە کۆمەڵێک پلان، کە توانست دەداتە قسەکەر، بۆ ئەوەی قسەیەک بکات شیاوی کارپێکردن بێت، لەو پێگەیەی کە هەیەتی و لەو سنوورەی کە بەکۆمەڵێک ڕاستی گشتی بەسەریدا سەپاوە، هەروەها مەودای نێوان قسەکەر و گوێگر دیاریدەکات.

بیردۆزی کردەی قسەیی بیردۆزێکی کردارییە، کە فرمانی زمان پۆلێندەکات بۆ پێنج جۆری سەرەکی، بە چەندەها ڕێگە دەتوانرێت کردەی قسەیی بناسرێنەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت بۆئەوەی کردەی قسەیی بەڕاستی بەکاربهێنرێت قسەکەران نابێت تەنها لەوە بگەن کە چۆن قسە پێکدێن، بەڵکو دەبێت بزانن کەی و لەکوێ و چۆن بەکاریدەهێنن. بەم شێوەیە لێکۆڵینەوە لە کردەی قسەیی جەخت دەکاتە سەر ئەوەی چۆن کردەی قسەیی بەکاردەهێنرێت لە بوارێکدا بەپێی کەلتورە جیاوازەکان.
بەشێک لە کردەکانی بەڵێندان هەر لە چوارچێوەی کردەی ڕاگەیاندن دەخولێنەوە، چونکە هەر لەگەڵ گۆکردنیان مەرجەکانی کردەی بەڵێندانیان تێدا نییە بۆیە لای وەرگر وەک بەڵێن بەدیار دەکەون، بەڵام خودی قسەکەر دەزانێ ئەم گوتنانە لە جۆری کردەی بەڵێن نین و دەزانی بۆ چ مەبەستێک بەکاری هێناوە.

## 5. سەرچاوەکان

**بەزمانی کوردی:**

ئەڤین سامی عارف، (٢٠١١)، کاریگەری باری دەروونی لەسەر زمانی قسەکردن، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین.

پەروەر عبدالرحمن ساڵح، (٢٠١٣)، هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی پراگماتیک (زمانی بواری پزیشکی)، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

حاتم ولیا مُحَمَّد – ژیان عبدالله مُحَمَّد، (٢٠١٥)، پێکهێنانی زانیاری و کردە قسەییەکان، گۆڤاری زانکۆ، بەرگی ١٩، ژمارە٤.

دارا حمید مُحَمَّد، (٢٠١٢)، شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە، سکوڵی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی سلێمانی.

شلێر ڕەشید عەبدوڵلا، (2015)، پرۆسەی گەیاندن و چالاکبوونەوەی فۆرمە زمانی و نازمانییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، سکولی زمان، زانکۆی سلێمانی.

شێرزاد سەبری عەلی، (2012)، ڕازیکردن د گوتارا رامیاریدا، نامەی دکتۆرا، فاکەلتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

شێرزاد سەبری عەلی، (٢٠١٤)، پراگماتیک، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

عەبدولواحید مشیر دزەیی، (٢٠٠٩)، کاریگەری دەروونی لەبواری ڕاگەیاندندا لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە، چاپی یەکەم، هەولێر.

عەبدولواحید مشیر دزەیی، (2012)، شیکردنەوەی ئاخاوتن لە زمانیی کوردیدا لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکییە، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، هەولێر.

قەیس کاکل تۆفیق، (1995)، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

محەمەد مەعروف فەتاح، (2011)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی هاشم، هەولێر.

ناز ئەکرەم سەعید، (٢٠١٣)، کردە قسەییەکان (هێورکردنەوە لە دەربڕیندا)، نامەی ماجستێر، فاکەڵتی زانستە مرۆییەکان، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**بەزمانی عربي:**

احمد بن راشد بن سعید، (٢٠٠٣)، قوة الوصف، دراسة في لغة الاتصال السیاسي، محله عالم الفكر، العدد (٣٢)، كویت.

عبدالسلام المسدی، (٢٠٠٧)، السیاسیة و سلطة اللغة الدار المصریة، القاهرة

العیاشي أدراوی، الالزام الحواري في التداول اللساني، منشورات الاختلاف دار الزمان المغرب، الجزائر.

**زمانی ئینگلیزی:**

George Yule , (2000), pragmatics, Oxford, Oxford University press.

Mulligan K. , (1987), promising and other social acts, cambridge university press.

,(1975) ,________indirect speech acts, syntax and semantics 3, speech acts (new york: academic press.(

Sajad Essam, (2017), speech acts of promising, the ministry of higher education, college of education, english department.

Searel J. R. ,(1969), speech acts, cambridge universty press.